# ڕەنگدانەوی خۆپیشاندانی بەردەم سەفارەتی ئەمریکا لەهۆڵەندا
## لەڕادیۆی دەنگی ئەمریکاوە
## لەهەموو ئازادیخوازان پیرۆز بێت

لەسەر بانگەوازی کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی وڕادەربڕین لەهۆڵەندا،وەلەپێناوی هەڵوەشانەوەی بڕیاری قەرەقۆشی پارتی دیموکراتی کوردستان وئازادکردنی بێ قەیدومەرجی د.کەمال سەید قادر دا، کەماوەیەک پێش ئێستا لە دادگاییەکی کارتۆنیدا حوکمی 30 ساڵ زیندانی بەسەر دا سەپێنرابوو لەبەرامبەر نووسینی دوو ووتاردا،هەروەها بەمەبەستی بەرگری کردن لەئازادییە سیاسییەکان، وە بۆ گوشاردانان لەسەر پارتی هەتا ڕێزبگرێت لەئازادی سیاسی لەکوردستان وچی تر دەست لەسەرکوت وبێ سەروشوێنکردنی موخالیفانی سیاسی هەڵبگرێت، دوێنێ 6-1-2006 کاتژمێر 2پاشنیوەڕۆ خۆپیشاندانێکی شارستانی وسەرکەوتوانە بەئامادەبوونی کۆمەڵێکی زۆر لەئازادیخوازان وڕۆشنبیرانی کوردی دانیشتووی هۆڵەندا وبە ئامادەبوونی یەکێک لەخوشکەکانی د.کەمال، ڕێپێوانێکی هێمنانە لەمەیدانی بەردەم سەنتراڵ ستاشیۆنەوە بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە شاری دەنهاغ ئەنجامدرا.

ئەم خۆپیشاندانە بەهەڵبڕینی کۆمەڵێک لافتە وشیعار بەزمانی کوردی وئینگلیزی وهۆڵەندی لەگەڵ چەندین وێنەی گەورەی د.کەمال دا ڕازێنرابووەوە. کەشیعارەکان ئاماژەی ڕوون وئاشکرابوون بۆ خواستێکی گشتی وسەراسەری خەڵکی ئازادیخواز لەئاستی کوردستان وهەندەرانیشدا لەپێناوی ئازادکردنی د.کەمال سەید قادر دا. هەروەها سەدان بەیاننامەی کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی وڕادەبڕین هەرلەم پێناوەدا بەزمانی کوردی وئینگلیزی بڵاوکرانەوە. بەشێک لەشیعارەکان بەمشێوەیە بوون، "نووسینی 2دوو ووتاری ڕەخنەیی لەدژی پارتی = بە30ساڵ زیندانی بۆ د.کەمال"، وە "د.کەمال دەبێت دەسبەجێ ئازاد بکرێت"،"پارتی دەبێت ڕێز لەئازادی سیاسی بگرێت" وە"حوکمی قەرەقۆشی پارتی باشترین نموونەی دیموکراتی ئەمریکایە لەعێراق". خۆپیشاندەران چ لەکاتی ڕێپێوانیاندا وچ لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکادا بەحەماسەتەوە بەیەک دەنگ هەموو هاواریان دەکرد: "نەپاراستن نەزیندان..ناترسێنێ دوکتۆرمان" وە "ئازادی .. ئازادی .. ئازادی .. بژی ئازادی سیاسی"، بەئینگلیزیش "فری..فری..فری..د.کەمال فری"یان دەووتەوە،وە"ئازادی .. ئازادی .. د.کەمال ئازادی".

لەناو شۆروشەوقی خۆپیشاندەراندا (تەها مەعروف) وەکو وەفسەکەری ڕەسمی کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی وڕادەربڕین،لەگەڵ (ئەمیر قادر) دا هەردووکیان بەنوێنەری خۆپیشاندانەکە چوونە ژوورەوە ولەلایەن نوێنەری سەفیری ئەمریکاوە(Edward B.) پێشوازییان لێکرا. قسەوباسەکانیان دەربارەی چۆنیەتی ڕفاندنی د.کەمال لەلایەن دەزگاکانی

پاراستنی پارتیەوە وهەوڵدانیان بۆ سەرنگومکردنی ئەو نووسەرە بوو. پاشان چۆن لەژێر گوشاری هەڵبڕینی دەنگی ناڕەزایەتی ئازادیخوازانی کوردستان بەتایبەتی لەدەرەوەی وولاتدا ئەم پیلانە پووچەڵ کراوەتە وکار گەیشتووە بەوەی لەدادگاییەکی کارتۆنی وناشەرعیدا حوکمی 30 زیندانییان بۆ د.کەمال بڕیوەتەوە. وەبەسەفارەتی ئەمریکایان ڕاگەیاند کەئەوان نوێنەری خواستێکی گەورە وکۆمەڵایەتین کەداوادەکات دەبێت د.کەمال سەید قادر بەبێ ئەملاو ئەولا وبێ قەید ومەرج ئازادبکرێت وئەم خۆپیشاندانە گۆشەیەکی بچووکیەتی. وەئەوە نموونەی دیموکراتیەتێکە کەئەمریکا دەیەوێت گویا لەعێراقیش بەرقەراری بکات. نوێنەری سەفیری ئەمریکا ناچاربوو بەجددییەتێکی زۆرەوە گوێ بۆ قسەوباسی نوێنەرەکان بگرێت وبەڵێنی پێدان کەبەخێرایی حکومەتی ئەمریکا لەم مەسەلەیە ئاگادار بکاتەوە وپاش 2دوو هەفتەی دیکە وەڵامیشیان دەداتەوە. شایانی ووتنە کەلەژێر گوشاری ئەم خۆپیشاندانە، وەلەترسی بەفراوانبوونەوەی زیاتری ناڕەزایەتییەکان دەسبەجێ دوای خۆپیشاندانەکە ڕەنگدانەوەی سیاسی ئەم حەرەکەتە لەڕادیۆی دەنگی ئەمریکاوە بەئینگلیزی وکوردی بڵاوبۆوە. ئەم ڕەنگدانەوەیە ئەوە دەگەیەنێت کەناڕەزایەتییەکی گشتی وکۆمەڵایەتی کەلە ئاستی دەرەوە وناوەوەی کوردستاندا لەدژی سیاسەتی سەکوت وپەلامارێک کەپارتی بۆ سەر ئازادییە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان پیادەی دەکات هەر ئێستا لەئارادایە دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتی ئەمریکاش ئیحراج بکات.

ئێمە وێڕای دەسخۆشانە لەهەموو ئەو بەڕێزانەی کەبەهەرشێوەیەک بەشداربوون لەئەنجامدان وسەرکەوتنی ئەم خۆپیشاندانە، وەهەموو ئەو خۆشەویستانەی لەکاتی خۆیانیان بووارد ئامادەبوون تێیدا، وەئەوانەشی کەنەیانتوانیبوو ئامادەبن، ڕادەگەیەنین کەئەم خۆپیشاندانەی هۆڵەندا وەئەم هەنگاوەی ئازادیخوازان بۆ دیفاعکردن لەمافی ژیان بۆ د.کەمال وە بۆ دیفاع لەئازادی سیاسی، نیشانیدا کەهێزی ئازادیخوازان وجەماوەری ناڕازی دەتوانێ کاریگەری نەک هەر بەسەر ڕووداوە ناوخۆییەکانەوە دابنێت وبەرگری لەمافە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، بەڵکو دەتوانن کاریگەری بهاونەسەر هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکانیش. 14ساڵە ئەمریکا لەبەرامبەر دەسەڵاتی سەرکوت وعەشیرەیی وگەندەڵی وئینسان رفاندندا نەک هەر بێدەنگ بووە، تەنانەت بەنموونەی دیموکراسی ناوچەکە باسیان دەکردن،ئەوا دەبینین لەژێر گوشاری ناڕەزایەتیی گشتی لەدژی سیاسەتی سەرکوتی پارتی ،بۆ ڕزگارکردنی د.کەمالدا، ئەمریکا ناچاربووە بەرەسمی ئەم سیاسەتەی پارتی بەسەرکوتی ئاشکرای مافە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان دابنێت. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە ئازادیخوازان پێکەوە بەدەستمانهێناوە. وەرن باپێکەوە وێڕای پیرۆزبایی ووتن بەیەکری هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە هەم بۆ ئازادکردنی فەوری د.کەمال هەم بۆ دیفاع لەئازادی ومافە کۆمەڵایەتییەکانی ترمان دروستبکەین. لەهەموو جێگایەک کۆمیتەکانی دیفاع لەئازادی سیاسی پێکبێنن ویەکەم هەنگاو بەردەم سەفارەتەکانی ئەمریکا لەهەموو وولاتان پڕکەن لەو شیعرانەی دوێنی لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکادا کۆشکی سپی هێنایە قسە ولەم ڕێگایەشەوە دەکرێت پارتی ناچاربکرێت هەم د.کەمال ئازاد بکات هەم ملکەچی ئازادییە سیاسییەکان بێت. داواکارین لەسەرجەم

ئازادیخوازانی دانیشتووی هۆڵەندا ببنە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە وبەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لێ بکەن.

ئازادی دەسبەجێ بۆ د.کەمال سەید قادر!
بژی ئازادی سیاسی وڕادەربڕین!
2006-1-7

کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی وڕادەبڕین-هۆڵەندا